www.kurdistannet.org
5-4-2003 23:00

# قسەیەك بۆئەركی رۆشنبیرانی تاراوگە دوای رژێمی سەدام

كاوێزمەلاپەروێز ... هەولێر

چەند رۆژێكە ئێراق بوەتە گۆرەپانی شەر ئەو شەرەی كە ئەمریكا ناوی لێناوە پرۆسەی ئازادی ئێراق، میللەتانی ئێراق چاوەرێ دەكەن وولاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا و هاوپەیمانەكانی لەدەست زۆرداری سەدام ورژێمەكەی رزگاریان بكات، دوور لەدەمار گیری بەرامبەر ئەمەریكا چاوەروانیەكی رەوایە بۆمیللەتانی ئێراق بە كوردیشەوە ٠

میللەتی كورد لەباشوری كوردستان زۆرترین زیانی بەدەستی ئەو رژێمەوە بەركەوتوە ئەمرۆ بەروخانی ئەو رژێمە شادمانە، هەر لایەنێك یان وولاتێك بەرپرسیارێتی روخانی لەئەستۆ بگرێت وەكو هەنگاوی یەكەم گەلی كورد لەمەترسی ومەینەتیەكی گەورە رزگار دەكات سەدام حوسێن هەمیشە هەرەشەبوو بۆ لەناو بردنی گەلی كورد لەباشور، من دژی ئەو بۆچوونانەم كەزۆر لەرۆشنبیرانی كورد لە تاراوگە بەگومانن لەسیاسەتی ئەمەریكا سەبارەت بەپرۆسەی لەناو بردنی رژێمی دیكتاتۆری سەدام بۆیە دەتوانم رێگا بەخۆم بدەم بلێم ئەوان مەبەستم رۆشنبیرانی كوردی دەرەوەی وولاتە بەهەڵە لەواقعی ژیانی ئێرە (كوردستان) گەیشتوون، من دەخوازم جۆری داوای برایانی رۆشنبیر بەم شیوەیە بێت كە سیاسیە دەستڕۆیشتوەكانی كوردستان ناچار بكەن مەسەلەی كەركوك وشارەكانی تری تەعریب كراو فەرامۆش نەكرێت وداهاتووی سنوری كوردستانی باشوور د یاری بكرێت وەكو هەنگاوی یەكەمی پاش روخانی سەدام كە كاتێكی زۆر كەمی ماوە ٠

هەرلەو پێوەدانگدا زەند دەكەم پاش نەمانی سەدام ورژێمەكەی قۆناغێكی تریزۆر هەستیار لەخەباتكردن پێویست بێت بۆكورد ئەویش خەباتی فكری، ئابوری، ئاشتیانەیە بۆ سەلماندنی داوا رەواكانمان كە خۆی لەسەربەخۆی كوردستان دەبینێتەوە، بۆیە ئەركی رۆشنبیرانە تاكی كورد لە دوای رژێمی سەدام پەروەردە بكات رێگاو قۆناغی خەباتی سەردەمیانە ئاشنا بە نەوەی نوێ كورد بكات ٠

دەمەوێ لەبابەتی ئاییندە لەسەر ئەو قۆناغە بدوێم كە زۆر پێویستە سەركردایەتی سیاسی كورد حزب ولایەنە سیاسیەكان خەلكی كورد لەئیستاوە جۆش بدەن٠

خولاسە ٠٠٠داهاتوو نەخشەی هەر یەكمان ئاشكرا دەكات سەبارەت بە ئێراقی پاش سەدام ٠

k_mlaprwez@yahoo.com

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەكەیەتی، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣